www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 1-7-2006 23:40

## بۆ قەڵەمێک کە ناوی (عەباس شوان) ە.. ! بەرۆژ ئیبراهیم

پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا چەندە بەخێر بۆ مرۆڤایەتی شکاوەتەوە کە لە سایەیدا دونیا بۆتە (گوندێکی جیهانی) و دەکرێ لە هەر چرکەساتێکدا مرۆڤ ئاگاداری تەواوی گۆڕان و رووداوەکانی دونیا بێت، بەڵام لە هەمان کاتیشدا بەدەر نیە لە ئاسەواری سلبی و زۆر جار لە پانتاییەکەدا رەش و سپی تێکەڵ بەیەک دەبن، بە تایبەتی لەو روبەرەی کە ناوی رۆژنامەوانی ئەلکترۆنی یە وگەر بەباشی بەکاربهێنرێ و پێوەرە ئەخلاقیەکانی رۆژنامەنووسی یان تیادا پەیڕەو بکرێ دەکرێ کاردانەوەیەکی ئەرێنییان بە ئاراستەی پێشکەوتن لە تێکڕای کایە سیاسی، کلتوری و کۆمەڵایەتیەکاندا لێ بکەوێتەوە..

چونکە ئەوەی ئەمڕۆ لە بەشێکی بەرچاوی ماڵپەڕەکاندا روودەدا دوورە لە ئەرکی راستەقینەی رۆژنامەنووسی و لە ئاستی ئەو رۆژنامە ئەلکترۆنیانە دادەبەزێنێ، بۆیە زۆر گرنگە ئەوانەی دەرگایەکی وا بۆ ئازادی رادەربڕین دەخەنە سەرپشت ئەوەیان لەبیر نەچێت کە ئازادی رادەربڕین پێشێلکردنی ئازادی تاکەکانی دیکەی کۆمەڵگا نیە.. !

نووسین بەر لە هەموو شتێک بەرپرسیارێتی یە نەک دەربڕینی رق و کینە، پەنابردنیش بۆ زمانی موهاتەرات لە دەستدانی زمانی عەقڵ و بیرکردنەوەیە بە شێوەیەک کە لە ستونێکی (قەڵەمی ناوبراو) دا کە لە ماڵپەڕی کوردستانپۆستدا بڵاوکراوەتەوە ئەم دەستەواژانەی خوارەوە بەرچاو دەکەون کە لە فەرهەنگی رۆژنامەنووسیدا جێ یان نابێتەوە: (لە بارەی جەستەییەوە تەوازنی تێکچووە، پیروپەککەوتەکانی تری هاوڕێی، درۆیەکی زەبەلاح و شاخدار، لە شەڕی ناوخۆدا خوارو خێچ بووە، خۆی بە درۆ دەخاتەوە.... . ) دەکرێ نووسەر بە چاوێکی رەخنەگرانە سەراپای پێکهاتە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری یەکان بخوێنێتەوە، بەڵام سەرەتا بەر لەوەی دەست بۆ قەڵەم ببەین دەبێ ئەوە بزانین کە نووسین پەیامە، ئەو پەیامە ئاراستەی کێ دەکرێ.. ؟ ئایا زمانی موهاتەرات چ پەیامێکی عەقڵانی لە پشتە.. ؟ ئەو جۆرە پەیامانە سەدایان دەگاتە کوێ و چ رەنگدانەوەیەکیان دەبێ.. تۆ بڵێی کاک عباس شوان و قەڵەمە هاوڕێکانی بەو زمانە زبرە کە پەیامێکی دیارو رۆشنی لە پشت نیە چ خزمەتێک بە بزوتنەوەی سیاسی کورد و بزوتنەوەی رۆژنامەنووسیی کوردی بکەن.. ؟!

barawi71@yahoo. de